# قەزای مەخموور وەک ناوچە جێناکوکەکانی نێوان حوکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق

## (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە جوگرافیای سیاسی)


**پ.ی. د.ئازاد هیداد دەلۆ**

زانکۆی سۆران/ فاکڵتی ئاداب بەشی جوگرافیا

Azad.hasan@soran.iq

**نازدار أحمد حەوێز**

زانکۆی سۆران / فاکڵتی ئاداب بەشی جوگرافیا

Nazdarahmad12345@gmail.com



**پوختە:**

لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی پێشـوو لـە سـاڵی ٢٠٠٣، ناوچـە کێشەلەسـەرەکان لـە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و حوکوومەتـی عێراقـی فیـدراڵ، هەمیشـە بابەتێکـی گرنـگ و هەسـتیار بـووە و کەوتووەتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیەش سـەرەتا مـاددەی (٥٨ لەسـاڵی ٢٠٠٤) و دواتـر گۆڕانـی بـە (مـاددەی ١٤٠ لـە سـاڵی ٢٠٠٥)، لـە دەسـتووری عێراقـدا جێگیـر کـرا.

ئـەوەی جێـگای نیگەرانییـە و بووەتـە مەترسـییەکی گـەورە لـەلای نەتـەوەی کـورد بەگشـتی و دەسـەڵاتی کـورد لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی، جێبەجێنەکـردن و پشتگوێخسـتنی ئـەم مـاددە دەسـتوورییەیە، کـە لـە لای حوکوومەتـی هەرێـم جێبەجێکردنـی چارەسـەری کێشـەی سـەرەکی نێـوان هەردوولایـە، هەرچـی دەسـەڵاتی سیاسیشـە لـە حوکوومەتـی عێـراق، جێبەجێکردنـی ئـەو مادەیـە و چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیە، بـە زیانێکـی گـەورە دەزانـن، کـە بـەر وڵاتـی ئێـراق و نەتـەوەی عـەرەب دەکەوێـت، هەروەهـا پێیـان وایـە وڵات بـەرەو دابەشـبوون دەبـات.

هـەر لەبـەر ئەمـەش جێگیرکردنـی مـاددەی ١٤٠ لـە دەسـتووری عێراقیـدا و بابەتـی ئـەو ماددەیـەش، کـە دەستنیشـانکردنی سـنووری جوگرافیـای نێـوان کـورد و عەرەبـە، وای لـە هـۆزە عەرەبنشـینەکانی ئـەو ناوچانـە (ناوچـە جێناکۆکـەکان) کـردووە، کـە بەخـۆ بکـەون و زیاتـر تەماعگیـری زەویـوزاری هـۆزە کوردییـەکان بکـەن و دەسـت بەسـەریاندا بگـرن. هەروەهـا بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەنـدان جـار شـەڕ و پێکـدادان لـە نێـوان هـۆزە کـورد و عەرەبەکانـی ئـەو ناوچانـە بەرپـا بـووە و هەمیشـەش بـە سـوودی عەرەبـەکان شـکاوەتەوە، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵاتی ئـەو ناوچانـە وەک (دەسـەڵاتی بەڕێوەبـردن، سـەربازی و حەشـدی شـەعبی) لـە پشـت ئـەو زوڵـم و زەردارییـەوە بـوون، بـە تایبەتییـش پـاش (١٦ی ئۆکتۆبـەر ٢٠١٧)، کـە ڕیفراندۆمـی کـورد لـە ٢٥ی ئەیلوولـی هەمـان سـاڵدا ئەنجامـدرا.

دیـارە ناوچـەی لێکۆڵینەوەشـمان، کـە (قـەزای مەخمـوور)ە، بـەدەر نەبـووە لـەو کێشـە و گیروگرفتانـە و

هەمیشە هەوڵ دراوە هۆزە کوردییەکان بخەنە ژێر فشاری دوورخستنەوە لە زێدی باوباپیرانیان، هەر بۆیە ئێمەش لەم توێژینەوەیەماندا دوای ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی شوێن و لایەنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، زیاتر جەختمان لەسەر دانیشتوان و ژمارەیان بە پێی قۆناغە جیاجیاکانی سەرژمێری کردۆتەوە، هەروەها پێکهاتەی دانیشتوان، هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان، عەرەبی ڕەسەن و عەرەبی هاوردە، هەروەها ئەو داتا و زانیارییانەش چ لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی یان پرسیارنامە و چاوپێکەوتن بێت، زۆریشیان پشت بە دامودەزگاکانی حوکومەتی هەرێم بەستراوە، هەروەها بۆ شیکردنەوەی داتاکانیش سوود لە بەرنامەی ئاماری ((SPSS وەرگیراوە.

لە کۆتاییدا توانیمان بەو ئەنجامە بگەین، کەوا قەزای مەخموور بە هەموو ناحییە و گوندەکانیەوە، ناوچەیەکی کوردی ڕەسەنە و سەر بە پارێزگەی هەولێرە، ئەگەر بێتو ماددەی ١٤٠ی لە سەر جێبەجێ بکرێت دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و هەموو گیروگرفتەکانی چارەسەر دەبێت.

کلیلەوشە: قەزای مەخموور،ناوچە جێناکۆکەکان،ماددەی ١٤٠، دەستووری عێراق.

پێشەکی:

ناوچــە جێناکۆکــەکان ڕووبەرێکــی فــرەوان لــە هەرێمــی کوردســتان پێکدەهێــن، کــە ســەرجەمیان ئــەو ناوچانــەن بەپێــی ســەرچاوە و بەڵگــە مێژووییــەکان ســنووری هەرێمــی کوردســتانی عێــراق پێــک دەهێــن، بــەڵام بەهــۆی دابەشــبوونی کوردســتان بەگشــتی و بوونی دەســەڵاتی زۆرداری و چەوســاندنەوەی نەتەوەی کــورد لەژێــر هەرپاســاوێکی ناپاســایدا نەتوانــراوە تاوەکــوو ڕۆژگاری ئەمــڕۆ بگەڕێندرێنــەوە ســەر هەرێمــی کوردســتان وەک ئــەوەی لەدەســتووری هەمیشــەی عێــراق داهاتــووە ناوچــەی توێژینەوەمــان، کــە قــەزای مەخمــوورە بــە یەکێــک لــەو ناوچانــە هەژمار دەکرێــت، کــە بەپێــی مــاددەی ١٤٠ی دەســتووری عێــراق تاکوئێسـتە یەکلایـی نەکراوەتـەوە بەتایبـەت کاتێـک، کـە دەبینیـن بەشـی هـەرەزۆری دانیشـتوانەکەی کـوردن و لـە ڕووی ئیداریـەوە سـەر بەپارێزگـەی هەولێـرە، بۆیـە بەگرینـگ و بەپێویسـتمان زانـی توێژینـەوە لەبـارەی دۆخـی دانیشـتوان، ئابـووری و سیاسـی قـەزای مەخمـوور ئەنجـام بدەیـن، لـەم توێژینەوەیـە دەمانەوێـت لــە هەمــوو ئــەو هۆکارانــە بکۆڵینــەوە، کــە وایکــرد پرۆســەی بەعەربکــردن، ڕاگواســتن ومشــتومری ســنووری مــاددەی ١٤٠ کاریگەریەکانــی لەســەر ئــەم قەزایــە بەدیــار بخەیەیــن.

١. ئامانجی توێژینەوە

ئامانجــی توێژینەوەمــان بریتییــە لەدەرخســتنی ئــەو کێشــانەی دووچــاری قــەزای مەخمــوور بوونەتــەوە، بەهــۆی یەکلاینەکردنــەوەی ناوچــە جێناکۆکــەکان بەگشــتی و قــەزای مەخمــوور بەتایبەتــی، هەروەهــا پەنجــە خستنەســەر کێشــە دیــارەکان لــەو ناوچەیــە، دیاریکردنــی ئــەو هۆکارانــەی، کــە پاڵنــەرن حوکوومەتــی عێــراق هاوکارنەبێــت بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەم مــاددە دەســتووریە، کــە مــاددەی ١٤٠ پەیوەنــدارە بەناوچــە جێناکۆکەکانــی نێــوان هەرێــم و بەغــدا.

٢. گرفتی توێژینەوە

ناکۆکــی و ئاڵــۆزی ناوچەکــە لەبــەر یەکلایــی نەکردنــەوەی مــاددەی ١٤٠ی دەســتووری.

٢. کێشــەی زەوی وزاری کشــتوکاڵی لــە گوندەکانــی قــەزای مەخمــوور لــە نێــوان هــۆزە کــوردەکان هــۆزە عەرەبــەکان، کــە لــەم ناوچەیــە جێگیرکــراون.

٣. ململانێــی سیاســی نێــوان حیــزب و لایەنــە کوردیــەکان لەگــەڵ دەســەڵات دارانــی حوکوومەتــی عێــراق، کــە دەســتیان بەســەر ناوچەکــە داگرتــووە.

٤. ململانێــی جاروبــاری هێزەکانــی پێشــمەرگە و هێزەکانــی (حەشدی شــعبی)عێراقی.

٥. بوونــی هێــزی تیرۆرســتی وەک داعــش و القاعیــدە، کــە بوونەتــە هــۆی تێکدانــی ئاســایش وئارامــی لەنــاو جەرگــەی دانیشــتوان لەســەنتەری ناحییــە و گونــدەکان.

٣. گریمانەی توێژینەوە

پێمانوایــە کێشــەی ســنووری هەرێــم وحوکوومەتــی فیــدراڵ کێشــەیەکی بــێ چارەنییــە ودەتوانرێــت، لەرێگــەی گفتوگــۆ و پلانــی ســتراتیجی چارەســەر بکرێــت.

لەوانەیــە لەداهاتــوودا، ئەگــەر مــاددەی ١٤٠ جێبەجــێ نەکــرێ، ئــەم کێشــەیە زیاتــر زەقبێتــەوە و بەریەکەوتنــی ســەربازی بــەدوای خــۆی دابێنــێ.

پێمانوایــە پێویســتە نەتەوەیەکگرتــووەکان فشــار بخەنــە ســەر بەغــدا بــۆ جێبەجێکردنــی مــاددە دەســتووریەکانی پێوەندیــدار بەتایبــەت مــاددەی١٤٠.

٤. پلانی توێژینەوە

ئــەم توێژینەوەیــە دابــەش کــراوە بــۆ ســێ تــەوەرەی ســەرەکی، هەروەهــا تەوەرەکانیــش دابــەش کــراون بــۆ چەنــد سەرەباســێک، ئەوانیــش: تــەوەرەی یەکــەم: ناســاندنی چەمکــە ســەرەکییەکانی تایبــەت بەتوێژینەوەکــە، تــەوەرەی دووەم: دیاریکردنــی ســنووری ناوچــە جێناکۆکــەکان بەگشــتی و قــەزای مەخمــوور بەتایبەتــی، تــەوەرەی ســێیەم: دابەشــبوونی دانیشــتوان و پێکهاتــەی دانیشــتوان، دەرئەنجــام و لســتی ســەرچاوەکان.

٥. میتۆدی توێژینەوە

میتــۆدی بەکارهاتــو لــەم توێژینەوەیــە بریتییــە لــە میتــۆدی شــیکردنەوەی داتــاکان و میتــۆدی هێــز، کــە بــەدوو لــە گرنگتریــن میتۆدەکانــی جوگرافیایــی سیاســی دادەنرێــن لــە ســەردەمی ئێســتەدا، چونکــە هــۆکاری گرنگــن بــۆ گەیشــتن بەزانیــاری وشــیکردنەوەی سیاســی بــۆ ئــەو داتــا و زانیاریانــەی، کــە قوتابــی لەمــاوەی توێژینەوەکــەی بەدەســتی دێنێــت، هەروەهــا پشــت دەبەســتین بەمیتــۆدی مێــژووی بۆکۆکردنــەوە و گەیشــتن بــەو بابەتــە مێژوویانــەی ڕۆڵیــان هەبــووە، لەدروســتبوونی کێشــەی

سنوور لە نێوان هەرێم وحوکوومەتی فیدراڵ لە ناوچەی توێژینەوەکەمدا، هەروەها هەوڵدەدەین بەرنامەی(SPSS)، بەکاربێنین بۆ شکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی فۆرمی پرسیارنامە بۆ وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی، کە لە سەرچاوەکان ئاماژەپێنەدراون.

تەوەرەی یەکەم ناساندنی چەمک و زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١. بەعەرەبکردن (التعريب): بریتییە لە (بەزۆر بەعەرەبکردنی نەتەوەیەکی تری ناعەرەب، هەروەها گۆڕینی تایبەتمەندییەکانی بەڕێوبەرایەتی، خوێندنگا، هەر دامودەزگایەکی تر(سدیق، ٢٠٠٩، ل٥٥).

پێم وایە بەعەرەبکردن، واتە سڕینەوە و پاکتاوکردنی ڕەگوریشەی نەتەوەی کوردە، بۆ گۆڕینی بە نەتەوەی عەرەب، کە بەنەتەوەی باڵادەست هەژمار دەکرا، واتە گۆڕینی کولتوور و زمان و دابونەریتی نەتەوەیەکی ناعەرەب توانەوەی لەناو میللەتی عەرەبدا، لەبەرژەوەندیی نەتەوەی عەرەب.

٢. ناوچە جێناکۆکەکان (المناطق المتنازع عليها)

ناوچە جێناکۆکەکان ڕووبەرێکی فرەوان لە خاکی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن، بریتیین لەو ناوچانەی بەپێی لیژنەی ماددەی (١٤٠)دیاری کراوە، کە سەرجەم ئەم ناوچانە لەخۆدەگرێت بریتیین لە (پارێزگەی کەرکووک بە زۆربەی قەزا و ناحییە کانییەوە، کە بریتیین لە قەزای داقوق ودووزخورماتوو، هەروەها قەزا، ناحییەکان، قەزای شێخان وناحییەکانی و قەزای حەمدانییەو ناحییەکانی، قەزای قەزای تەلکیف و ناحییەکانی، ناحییەی بەعشیقە، قەزا و ناحییەکانی قەزای مەخموور، ناحییەکانی، قەزای خانقین وناحییەکانی جەلەولا و سەعدیە، قەزای مقدادیەو ناحییەکانی و قەزای بەدرە و ناحییەی جەسان(کەریم، ٢٠٠٩، ل٤٥). بڕوانە ئەم ژێدەرانە:(رسول، ٢٠٢٠، ل٣;

٤. سنوور :

سنوور لە بنەڕەتدا مانا گشتییەکەی بریتییە لەو هێڵ و هێمایانەی، کە لەسەر نەخشە دەکێشرێت و لەسەر زەوی دەستنیشان دەکرێت، بۆ جیاکردنەوەی دوو هەرێمی سیاسی یا دوو دەوڵەت لە یەکتری بە شێوەیەک ئەو زەوییانە دیاری دەکرێن، کە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەریانەوە هەیە، دەکرێت زنجیرە چیا بێت یاخود دۆڵێک...هتد. (فتح الله، ٢٠١٤). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم ژێدەرانە. (مینە، ٢٠١٢، ل٣٠; محمد، ٢٠٢٠، ل٩٧).

٥- ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق

یەکێکە لە ماددە دەستوورییەکانی عێراقی فیدراڵە، تایبەت کراوە بە ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان حوکوومەتی هەرێم و حوکوومەتی ناوەند، کە بەم شێوەیە داڕێژراوە و لەدوو برگە پێک هاتووە، کە برگەی یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەستێت بەو هەنگاوانەی پێویستە بۆ تەواوکردن و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ماددەی (٥٨) لەیاسای بەڕێوبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (أنتيقالی) بە هەموو برگەکانییەوە (دەستووری عیراق، ٢٠٠٥، ماددەی ١٤٠).

تەوەرەی دووەم : ڕەهەندە مێژوویی و جوگرافیای و سیاسییەکان لە قەزای مەخموور

کێشەی سنوور و دەستنیشانکردنی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا کێشەیەکی تازە نییە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەریتانییەکان لە عێراقدا، هاوکات لە ساڵی ١٩٢١ دەوڵەتی نوێیان بەناوی عێراق دامەزراند، بەریتانیا ویستی ویلایەتی موصڵ بە کوردەکان و ناوچە کوردنشینەکان بخاتە سەر عێراق، ئەم کێشەی دروستبوونی سنوور و ناوچەی دابڕاو لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو، لەگەڵ هاتنی حوکمە یەک لە دوای یەکەکانی، عێراق، هیچ چارەیەکی ڕیشەیی بۆ نەدۆزرایەوە، بەڵکوو لە سەردەمی ڕژێمی بەعس قووڵتر بووەوە، تا بەشێکی زیاتری گوند و ناحییەکانی سنووری هەرێمی کوردستان خرانە سەر عێراق، بە مەبەستی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیموگرافیای هەرێمی کوردستان، ئەم کێشەیە بەردەوام بوو، زۆر جار ڕووبەرەکەی فرەوانبوون و هاتنەوەیەکی تێ کەوتووە، تا ساڵی ٢٠٠٣ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی عێراقێکی یەکگرتوو لە پرۆژەیاسای دەستووری عێراق ماددەیەک تەرخان کرا، بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بەناوی ماددەی (٥٨) لە قۆناغی ڕاگوێزی (أنتقالي) ساڵی٢٠٠٤

بەتـەواوی بەندەکانییـەوە، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ کـرا بـە مـاددەی (١٤٠) ئـەم ناوچانـە بەشـێوەیەکی دەسـتووری بـە ناوچـەی جێناکـۆک ناسـێندران.

پانتاییـی ناوچـە جێناکۆکـەکان بـە کـۆی گشـتییان مەزەنـدە دەکرێـت، بـە ڕێـژەی ٥١،٤٪ لـەکـۆی پانتاییـی خاکـی کوردسـتانی عێـراق لـە قەڵـەم دەدرێـت (وەلدبـەگ، ٢٠١٩)، هـەروەک لـەم خشـتەیەی خـوارەوە پانتاییـی یەکـەی کارگێـڕی ناوچـە جێناکۆکـەکان بـە ڕێـژەی سـەدی لـە خاکـی هەرێمـی کوردسـتان، هەروەهـا قەبـارەی دانیشـتوان بـە ڕێـژەی لـە سـەدی قەبـارەی دانیشـتوانی هەرێـم ڕوون دەکەینـەوە.

خشـتەی ژمـارە (١) ڕووبـەر و قەبـارەی دانیشـتوانی ناوچـە جێناکۆکـەکان بـەراورد بـە هەرێمـی کوردسـتان


| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان ڕێژەی سەدی | ڕووبەر بە ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| قەزای شەنگال | ٩،٤ | ٧،٢ |
| قەزای تەلەعفەر | ١٢،٨ | ١١،١ |
| قەزای شێخان | ٢،٢ | ٣،٣ |
| قەزای تلکیف | ٥،٠ | ٣،١ |
| قەزای حەمدانییە | ٤،٧ | ٢،٩ |
| قەزای مەخموور | ٦،٥ | ٦،٩ |
| قەزای کەرکووک | ٢٥،١ | ١٣،٨ |
| قەزای حەویجە | ٤،٨ | ٧،٧ |
| قەزای دووبز | ١،٧ | ٤،٠ |
| قەزای کفری | ٤،٠ | ٥،٥ |
| قەزای دووزخورماتو | ٨،٤ | ٥،٧ |
| قەزای خانقین | ١٠،٥ | ٨،٧ |
| شارۆچکەی مەندەلی | ٢،٥ | ٣،٠ |
| شارۆچکەی قەزانییە | ٠،٩ | ٨،١ |
| قەزای بەدرە | ١،٤ | ٩،٠ |

وەلـەد بەگـی، ئـازاد(٢٠١٩): ئاینـدەی ناوچـە جێناکۆکـەکان لەنێـوان عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، بەشـی یەکـەم، ئۆنلایـن، دوایـن بینـن(٨-٥-٢٠١٩)، http://penus.krd/index.php/ ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1594-2019-05-08-18-36-20

بێگومـان ناوچـەی توێژینەوەمـان، کـە قـەزای مەخمـوورە، ڕووبەرێکـی فـرەوان لـە خاکـی کوردسـتان پێـک دەهێنێـت، کـە بـە ڕێـژەی (٦،٩٪) خاکـی هەرێمـی کوردسـتانە، هەروەهـا ناوچەیەکـی کوردسـتانییە و دانیشـتوانەکەی ڕێـژەی (٦،٥٪)ی هەمـوو دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان پێـک دەهێنێـت، کەوتوونەتـە بـەر ئـەو کێشمەکێشـمەی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری، کـە پێویسـت بـوو لـە ماوەیەکـی کەمـدا جێبەجـێ بکرێـت بەگوێـرەی هەڵبـژاردەی دانیشـتوانەکەی یەکلایـی بکرێتـەوە.

نەخشەی ژمارە١)) ناوچە جێناکوکەکان بە پێ مادەی ١٤٠

سـەرچاوە: هاشـم یاسـین حمدمیـن حـداد و ئەوانـی




تـر، ئەطلسـی هەرێمـی کوردسـتان نەخشـەی هەرێمـی کوردسـتان، لاپـەرە ٣٩.

٢- ڕەهەندی مێژوویی

ئاوەدانـی و ژیـان لـە قـەزای مەخمـوور دەگەڕێتـەوە بـۆ چاخەکانـی پێـش مێـژوو، هەروەهـا چەنـدان شـوێنەواری مێژوویـی لـە ناوچەکـەدا دۆزراونەتـەوە، کـە ڕاسـتیی دێرینیـی ئـەم ناوچەیـە دەسـەلمێنن. گرنگتریـن شـوێنەوارەکانیش ئەمانـەن: (کاوەکەنـدڵ، ئەشـکەوتی بـێ بـن، قشـڵەکۆن، گەلـی مەجـەران، گـردی شـێلی)، ئەمانـە و چەنـدان شـوێنەواری تـر،

کـە ئامـاژەی ئـەوە دەدەن ژیـان لـە کۆنـەوە لـەم قەزایـە بوونـی هەبـووە، ئاشـوورییەکان بـە قـەزای مەخمـوور و دەشـتەکانیان دەگـوت هەرێمـی (حەدیـاب) شـوێنی لەوەڕاندنـی مـەڕ و ماڵاتـی ئاشـوورییەکان بـووە، هەروەهـا لـە ڕووی بازرگانییـەوە، گرنگیـی زۆری هەبـووە، بەمـەش سـەرچاوە مێژووییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن، بەهـۆی ئـەوەی قـەزای مەخمـوور لـە نێـوان هـەردوو زێـی (گـەورە و زێـی بچـووک) هەڵکەوتـووە، بۆیـە پێیـان گوتـووە (دووێـز، یـان دوو زێ). (ئیسـماعیل،٢٠١٠، ل٢٠_٢١).

سـەبارەت بـە نـاوی مەخمـوور، بۆچوونـی جیـاواز هەیـە (مامۆسـتا محمـود عبدالحمیـد مەخمـووری)، بـەم شـێوەیە باسـی دەکات، کـە نـاوی مەخمـوور بۆچوونێکـی جێگیـری نییـە، بـە چەنـد شـێوە بـاس کـروە، وەک (مەخمـەل)، هەندێـک پێیـان وایـە لـەوە هاتـووە بەمانـای ڕەنگاوڕەنـگ دێـت، چونکـە لـە بەهـاران خـۆی ڕەنگاوڕەنـگ نیشـان دەدات، یاخـود دەڵێـت لـە خەمـرەوە هاتـووە، بەهـۆی زۆریـی تـرێ لـە ناوچەکـەدا، خەمریـان لـێ دروسـت کـردووە. سـەرەتا ڕاوبۆچوونێـک هەیـە دەڵێـت نـاوی مەخمـوور لـە وشـەی (مەغمـوور)ەوە وەرگیـراوە، مەغمووریـش دوو واتـای هەیـە، یەکێکیـان بـە مانـای نزارێکـی هەمیشـە بەهـار و غەرقبـوو بـە گوڵـی جـوان و ڕەنگاوڕەنـگ، کـە لـە ڕاسـتیدا بەهارانـی ناوچەکـە بـەو شـێوەیەیە، دیمەنێکـی بەهاریـی زۆر جوانـی هەیـە، مانـای دووەمـی (مغمـور) بـە زمانـی عەرەبـی بریتییـە لـە ناوچەیەکـی ژێرئاوکەوتـوو، هەرچەنـدە لـە هەندێـک کاتـدا، هەندێـک شـوێنی نزمـی مەخمـوور زەویەکـەی نوقـم بـووە بـە ئـاو لـە کاتـی لافاوەکانـی چیـای قەرەچـۆغ، بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم بۆچوونـە، سـایتی هەولێـر بـەم شـێوەیە باسـی لێـوە دەکات (ماڵپـەڕی پارێزگـەی هەولێـر، ٢٠٢٢، قـەزای مەخمـوور، www//:https. ٣٩٤/node/app/org.hawlergov) ئـەم بۆچوونـە دوورە لـە ڕاسـتییەوە، مەخمـوور ناوچەیەکـی تەختایـی نییـە و هیـچ سـەرچاوەیەکی ئـاوی ڕووبـاری بـە تەنیشـتدا تـێ ناپەڕێـت، تاوەکـوو زۆنکاوەکانـی باشـووری عیـراق بەهـۆی ئـاوی دیجلـە و فوراتـەوە بکەونـە ژێـر ئـاو، بۆیـە ئەگـەر ڕاسـتیش بێـت، نـاوی مەخمـوور لـە وشـەی مەغمـوورەوە هاتبێـت، لـە مانـا بەهـاری و ڕەنگاوڕەنگەکەیـەوە هاتـووە نـەک ژێرئاوکەوتـن.

مەخمـوور بـە فەرمانـی پاشـایەتی ژمـارە (٤٥٨) لـە بـەرواری ١٥ئـازاری ١٩٢٧ لـە ناحییـەوە بـۆ قـەزا بـەرز کریـەوە، سـەر بـە پارێزگـەی هەولێـر، تـا سـاڵی ١٩٩٦ لەسـەر پارێزگـەی هەولێـر مایـەوە، بـەڵام دواتـر بـە بڕیـاری ڕژێمـی بەعـس لـە چوارچێـوەی تەعریبکردنـی ناوچـە کوردسـتانییەکاندا خرایـە سـەر مووسـڵ، لـە کاتێکـدا (١٢٠) کیلۆمەتـر لـە مووسـڵ دوورە. تـا سـاڵی (٢٠٠٤) بـەو شـێوەیە مایـەوە. قـەزای مەخمـوور پێشـتر بەشـێک بـووە لـە ناوچـەی خۆبەڕێوەبـردن و ڕژێمـی پێشـووی عێراقـی هیـچ یاسـا و فەرمانێکـی دەرنەکـردووە بـە جیاکردنـەوەی لـە (پارێزگـەی هەولێـر) و لکاندنـی بـە پارێزگـەی نەینـەوا، بـەم شـێوەیە مایـەوە تـا سـاڵی ١٩٩١، کاتێـک بەغـدا بەشـەکانی سـوپای کشـاندەوە لـە ناوچەیەکـی فـرەوان، کـە درێـژ دەبـووە هـەر لـە زاخـۆ تاوەکـوو باکـووری خانەقیـن، ئـەم کشـانەیەوە مەخمـووری نەگرتـەوە، بۆیـە مەخمـوور بـووە تاکـە ناوچـەی خۆبەڕێوەبـردن لەژێـر دەسـەڵاتی عێـراق مایـەوە، بـەڵام لکاندنـی بـە پارێزگـەی نەینـەوا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٩٦ (نقشـبەندی، ٢٠١٣، ل٢٠).

٢- جوگرافیایی سیاسی قەزای مەخموور

أ - شوێنی جوگرفی قەزای مەخموور

قـەزای مەخمـوور لـە ڕوی جوگرافییـەوە کەوتووەتـە بەشـی باشـووری پارێزگـەی هەولێـر و خۆرئـاوای هەرێمـی کوردسـتان. وەک لـە نەخشـەی ژمـارە٣)دا، دەرکەوتـووە.

قـەزای مەخمـوور کەوتووەتـە نێـوان دوو ڕووبـار، زێـی گـەورە لـە بەشـی خۆرئـاوای قەزاکـە و زێـی بچـووک لـە بەشـی خۆرهەڵاتـی. هەروەهـا لـە بەشـی باکـوور هاوسـنوورە لەگـەڵ ناحییـەی (ڕزگاری)، کـە سـەر بـە قـەزای خەباتـە، باکـووری خۆرهەڵاتـی ناحییـەی (شـەمامک)ە، لەبەشـی خۆرهەڵاتـی ناحییـەی (قوشـتەپە)یە، بەشـی باشـووری خۆرهەڵاتـی قـەزای مەخمـوور ناحییـەی (سـەرکەران)ە، لەباشـووری قـەزای (شەرکات)سـەربەپارێزگەی سـەڵاحەددینە، باکـووری خۆرئـاوای هاوسـنوورە لەگـەڵ ناحییـەی (نەمـرود)، باشـووری خۆرئـاوای ناحییـەی گەیـارەی سـەر بـە پارێزگـەی نەینەوایـە (معـروف، ٢٠١٧). چیـای بلبـاس (قەرەچـووغ) دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی

قەزاکە و زورگەزراویش دەکەوێتە لای خۆرهەڵاتی باکووری.


هەروەها بە دووریی (٦٥) کیلۆمەتر لە سەنتەری پارێزگەی هەولێرەوە دووره، ئەم قەزایە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کوردستان بەگشتی و پارێزگەی هەولێر بە تایبەتی، وەک دەروازەیەکی فرەوان هەر سێ پارێزگەی (هەولێر، کەرکووک و مووسڵ) بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

نەخشەی ژمارە ٢ شوێنی ئەسترونومی و سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوە

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بەرنامەی GIS

ب - شوێنی ئەسترۆنۆمی و خەسڵەتەکانی ڕووی زەویی قەزای مەخموور

شوێنی ئەسترۆنۆمی، بریتییە لە دوو هێڵی سەرەکی و خەیاڵی کە هەریەکەیان بە هێڵی سفر دەست پێ




دەکات، دەتوانرێت بەهۆیەوە شوێنی دیاردە جوگرافییەکان دیاری بکرێت، بازنەی سفری سەرەکیی ناوەڕاستی هێڵی یەکسانی دابەش کردووە بەسەر (١٨٠) بازنەی پانی و هێڵی درێژ بە سفر دەست پێ دەکات و ژمارەیان دانراوە بۆ ٣٦٠ هێڵی درێژی. گرنگیی شوێنی ئەسترۆنۆمی بەدەر دەکەوێت کاتەکانی گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر و درێژیی شەو و ڕۆژ (أبـو الحجـر، ٢٠٠٩، ص٨٢٣). شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوەمان، کە قەزای مەخمووره لە ڕووی ئەسترۆنۆمییەوە، کەوتووەتە نێوان هەردوو بازنەی پانیی (١٩:٢٧:٣٥) و(٣٦:١٤:٢٩)ی باکوور و هەردوو هێڵی درێژیی (٤٣:١٨:٢٣) و (٤٣:٥٥:٢٨)ی خۆرهەڵات. وەک لەنەخشەی ژمارە (٥) ڕوون کراوەتە (معـروف، ٢٠١٧).

سەبارەت بە ڕووبەری قەزای مەخموور، ڕووبەرەکەی کۆی گشتی (٣٥٢،٠٠٠) کم٢ سەبارەت بە ڕووبەری ناوچەکە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) لەبارەی فرەوانبوون و بچووکبوونەوە، گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە لە ڕووبەری قەزاکە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا ڕووی داوە، بە جۆرێک ڕووبەرەکەی لە ساڵی (١٩٥٧) لە (٣٥١١)کم٢، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٢,٤٪)ی کۆی ڕووبەری پارێزگەی هەولێری پێک هێنابوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ڕووبەری ئەم قەزایە کەم دەبێتەوە بۆ (٢٩٥٥)کم٢، بۆ ڕێژەی (١٨,٩٪) بەپێی ڕووبەری پارێزگەی هەولێر، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیەش بۆ فرمانێکی حوکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە، کە بەپێی مەرسوومێکی کۆماری عێراق ژمارە (٣٣) لە بەرواری (١٩٧٦/١/٢٥)، کە تێیدا هاتووە (٢٨) گوندی ناحییەی کەندێناوە (دیبەگە) هەڵوەشایەوە و خرایە سەر قەزای (دوبز). لە لایەکی تریشەوە هەر لەو ساڵەدا گوندی (پەلکانە)ی سەر بەناحییەی کەندێناوە، هەروەها (١١) گوندی ناحییەی قەراجیش خرایە سەر قەزای (دوبز)ی پارێزگای کەرکووک (ئیسماعیل، ٢٠١٥). هەروەها سەبارەت بە یەکە کارگێڕییەکانی لە پێنج یەکەی کارگێڕی پێک هاتووە، ئەوانیش: (ناحییەی سەنتەری قەزا، قەراج، گوێر، کەندێناوە و مەلاقەرە) کۆی گشتیی گوندەکانی (٢٠٨)گوندە، ئەم قەزایە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگەی هەولێر، بڕیاری بوونی بە قەزای مەخموور دەرچوو لە ١١٥ ١٣ ١٩٢٧.

سەبارەت بە بەرزی و نزمیی ڕووی زەوی ئەم قەزایە، بەوە جیا دەکرێتەوە، کە بەرزیی کەمە، بە جۆرێک (٢٠٠م بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریا، لای باشووری ٧٨٥ م لە ئاستی ڕووی دەریا لای ناوەڕاست و باکووری دایە)،بەمانایەی، کە جیاوازی لە نێوان بەرزترین و نزمترین لەئاستی ڕووی دەریا (٥٥٨)م، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە قەزای مەخموور بەرزی کەمە و ڕووێکی تارادەیەک سافی بێ بەرزی هەیە

(ئەرکان، محمد، ٢٠٠٧، لا٦١). سەبارەت بە ناحییەی مەلا قەرە تاوەکوو ئێستە لەلایەن حوکوومەتی هەرێم وەک یەکەی کارگێڕیدانی پێ دانەنراوە، حوکوومەتی ناوەند بۆ مەرامی سیاسی و زیادکردنی ڕێژەی عەرەب لەو ناوچەیە، ئەم ناحییەی دامەزراندووە، بەناوی ناحییەی(عەدنانییە)، بەڵام لەحوکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک گوندێکی سەر بە ناحییەی کەندێناوە هەژمار دەکرێت. (مدیرناحییەی دیبەگە،٢٠٢٢).

تەوەرەی سێیەم: پێکهاتە و دابەشبوونی دانیشتوان

١- بەروە پێشچوونی ڕێژەی دانشتوانی قەزای مەخموور

لەم توێژینەوەیە باس لە دانیشتوانی قەزای مەخموور دەکەین لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧_٢٠٢٠)، لەم ماوەیەدا چەندان سەرژمێری ڕەسمی لەعێراق ئەنجا مدراون هەرچەند بەپێی یاسای سەرژمێری بوایە دەبوو هەر دە ساڵ جارێک سەرژمێری لەعێراق ئەنجام بدرێت، بەڵام دەبینین زۆر جار سەرژمێرییەکان، لەهەمان کاتی دیاریکراو ئەنجام نەدراون، وەک ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی (١٩٨٧)، هیچ سەرژمێرییەکی ڕسمی ئەنجام نەدراوە، هەرچەندە حوکوومەتی بەغدا لە ساڵی (١٩٩٧) سەرژمێری ئەنجام دا، بەڵام تەنیا بۆ (١٥) پارێزگە بوو، بەڵام پارێزگەکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)ئەنجام نەدرا، چونکە لەژێر دەسەڵاتی حوکوومەتی عێراق دانەبوون، ئەوەی لە تۆمارەکانی دانیشتوان هەیە پشتبەستنە بە تۆمارە زیندووەکان (أحصاء الحيوية)، لە هەموو عیراق، هەروەها ناوچەی توێژینەوە بەدەرنییە لەم بابەتەی نەبوونی سەرژمێریی گشتی، ژمارەی دانیشتوانی قەزای مەخموور بەپێی سەرژمێرییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە نێوان ساڵی (١٩٥٧_٢٠٢٠). هەروەها باسکردن لە ڕێژەی دانیشتوانی قەزای مەخموور بە نیسبەت دانیشتوانی پارێزگەی هەولێر. وەک لە خشتەی ژمارە (٢) ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢) دانیشتوانی قەزای مەخموور لە کۆی دانیشتوانی پارێزگەی هەولێر (١٩٥٧_٢٠٢٠)

| ساڵ | دانیشتوانی قەزا | دانیشتوانی پارێزگە | ٪لەکۆی دانیشتوانی پارێزگە |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٥٠٧٧٦ | ٢٧٣٣٨٣ | ١٨,٥ |
| ١٩٦٥ | ٥٤٦٥٢ | ٣٥٦٢٩٣ | ١٥,٣ |
| ١٩٧٧ | ٣٦13 | ٥٤١٤٥٦ | ٠,٠٦ |
| ١٩٨٧ | ٢٤٠٤٦ | ٧٧٠٤٣٩ | ٥,٤ |
| ٢٠٠٩ | ١٤٦٤٩٦ | ١،٦٨٦٧٤١ | ٨,٦ |
| ٢٠١٠ | ١٧٨،٣١٩ | ١،٦٩٧٠,٢٤٦ | ٩,٥ |
| ٢٠١٤ | ١٩٩،٧٤٥ | ١،٩٥٧,٤٨٦ | 10.0 |
| ٢٠١٥ | ٢٠٥٠٦٦ | ٢٠٠٩٦٣٧ | ١٠,٢ |
| ٢٠١٦ | ٢١٠٤٤٨ | ٢٠٦,٢٣٨١ | ١٠,٤ |
| ٢٠١٧ | ٢١٥٦٥٣ | ٢،١١٣٣٩١ | ١٠,٦ |
| ٢٠١٨ | ٢٢٠،٦٦٥ | ٢،١٦٢٥٠٩ | ١٠,٧ |
| ٢٠١٩ | ٢٢٥،٤٦٧ | ٢،٢٠٩٥٦٩ | ١٠,٩ |
| ٢٠٢٠ | ٢٣٠،٠٤٤ | ٢,٢٥٤,٤٢٢ | ١٠,١٠ |

سەرچاوە، حوکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەڕێوبەرایەتی ئاماری پارێزگەی هەولێر تایبەت بەکاری توێژینەوەی زانستی.

لە خشتەی ژمارە (٢) تایبەت بە ژمارەی دانیشتوان بۆمان دەردەکەوێت، لە نێوان ساڵی (١٩٥٧_٢٠١٤) گۆڕانکاریی بەرچاو لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەدی دەکرێت، لە قەزای مەخموور ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە رووی ئاوەدانی و سەقامگیری سیاسی لەدوای ٢٠٠٣ باڵی بەسەر تەواوی کوردستان بەگشتی و ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی کێشاوە، بەڵام لە لەساڵانی نێوان (٢٠١٤_٢٠٢٠) گۆڕانکاریی کەمتر بەدی دەکرێت، لە زیادبوونی ئەم ڕێژیە، ئەمەش بەهۆی ڕوودانی ئەو بارە نائاساییەی جارێکی تر بەرۆکی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەی گرتووە، بەهۆی هاتنی چەکدارانی داعش بۆ کوردستان بەگشتی و قەزای مەخموور بەتایبەتی، کە تاوەکوو ساڵانی کۆتایی وەرگیراوە،

لـە توێژینەوەکـە بـاری ناوچەکـە نائاسـایی بـووە و خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە لەژێـر تـرس و دڵەراوکێـدا بـوون، ئەمـە سـەرەڕای گۆڕانـی ئاوهـەوا و کەمبوونـەوەی دابارینـ و بەرزیـی پلـەی گەرمـا وای کـرد، کـە ژمـارەی دانیشـتوان لـەم ناوچەیـە بـەرەو کەمبوونـەوە، یاخـود ڕێژیـەی نەگـۆڕ بچێـت (عثـمان، ٢٠١٨). ئەگـەر بـەراوردی سـەرژمێریی پێـش و پاشـی سـاڵی (١٩٧٧)، ئـەوا بۆمـان دەردەکـەوێ، لـەم سـاڵە ژمـارەی دانیشـتوان زۆرکـەم بووەتـەوە، ئەمـەش بـۆ چەنـدان هـۆکاری گرنـگ دەگەڕێتـەوە، کـە لـە ناوچەکـە بەدیکـران وەک: ڕاگواسـتنی ژمارەیەکـی زۆری کوردەکانـی ئـەم ناوچەیـە، بەمەبەسـتی گۆڕانـکاری لـە دیموگرافیـای ئـەو ناوچەیـە و حوکوومەتـی ئەوکاتـی بەغـدا بڕیـاری ژمـارە (٣٣) لـە ڕێکەوتـی (١٩٧٦/١/٢٥) بڕیاریـدا، بـە دابریـن و گواسـتنەوەی (٢٨) گونـد لـە ناحییەکانـی (قـەراج و کەندێنـاوە) لکاندنـی بـە قـەزای دووبـس سـەر بـە پارێزگـەی کەرکـووک، هەروەهـا هـەر لـە هەمـان سـاڵدا (١١) گونـدی تریشـی خسـتە سـەر هەمـان قـەزا لـە پارێزگـەی کەرکـووک، ئەمـەش وای کـرد هـەم ژمـارەی دانیشـتوان لـە تۆمـاری دانیشـتوانی قـەزای مەخمـوور کـەم بکرێـت، هەروەهـا ڕووبەرەکەشـی کەمـتر هەژمـار بکرێـت، ئـەم گۆڕانـە ئیـداری و دیموگرافییـە بـەردەوام بـوو، تاوەکـوو ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس لـە سـاڵی (٢٠٠٣)، بەپێـی بڕیـاری مـاددەی ٥٨ لـە حوکوومەتـی گـوازراوە دواتـر لـە سـاڵی ٢٠٠٥ کـرا بەمـاددەی ١٤٠ تایبـەت بەناوچـە جێناکۆکـەکان سـەرجەم گونـدەکان خرانـەوە سـەر ناحییەکانیـان لـە قـەزای مەخمـوور سـەر بەپارێزگـەی هەولێـر (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مقـدم ئـاری مەخمـووری، ٢٠٢٢).

٢- پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای مەخموور

هەتـا سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو، ناوەنـدی قەزاکـە یـەک ماڵـە عەرەبـی لـێ نەبـووە، لـە سـەرژمێریی سـاڵی ١٩٤٧یشـدا لـە ناوەنـدی قـەزای مەخمـووردا کـورد (٩٥٪) ئـەو ناوەنـدەی پێـک دەهێنـا، ئـەو کاتـەش جگـە لـە چەنـد گوندێـک لـە شـێوەی کۆچەریـی مـەڕداردا لـە کۆتاییـی دەسـەڵاتی عوسـمانی و نزیـک جەنگـی جیهانـی، یەکـەم لـە ڕووبـاری دیجلـە پەڕیبوونـەوە، سـیمای عەرەبـی بـە تـەواوی قەزاکـەوە دیـار نەبـوو، تـا سـەرژمێریی سـاڵی (١٩٥٧)یـش بـە هەمـوو گوندەکانییـەوە ڕێـژەی نەتـەوەی کـورد زیاتـر لـە (٧٥٪)ی دانیشـتوانی قەزاکـەی پێـک دەهێنـا، عەرەبیـش نزیکـەی (٢٤٪)ی بـوو، بـەڵام ئیسـتا دوای کارەسـاتەکانی ئەنفـال و چۆڵکردنـی گونـدە کوردیـەکان و هێنانـی عـەرەب لـە سـاڵانی(١٩٨٦، ١٩٨٧ و ١٩٨٨)، لـەم دوایەشـدا بـە هـۆی شـەر و نائارامیەکانـی پارێزگـەی (سـەڵاحەددین، مووسـڵ، قەزاکانـی شـەرگات، بەعـاج و حـەزەر)، بەسـەدان خێزانـی عـەرەب ڕوویـان لـە مەخمـوور کـردووە، بۆیـە تـا ڕادەیـەک قـەزای مەخمـوور بـە جۆراوجۆریـی ئەتنۆگرافـی نـاوی دەرکـردووە، لەگـەڵ ئـەوەی هێشـتا زۆربـەی دانیشـتووانەکەی کوردن)سـتافی قـەزای مەخمـوور ژوری ناوچـە کوردسـتانیەکانیە دابڕینـدراوەکان بەهـاوکاری بزوتنـەوەی گـۆڕان،٢٠١٩)، بـەڵام دانیشـتوانی مەخمـوور لـە ڕووی نەتەوەییـەوە بـەردەوام گۆڕانـی بەسـەردا دێـت، بەهـۆی سیاسـەتی حوکوومەتـی بەغـدا لـە لایـەک و لـە لایەکـی دیکـەش، بـە هـۆی دابونەریـت، فرەژنـی، قەبـارەی خێـزان، گەشـەکردنی دانیشـتوانی عەرەبـی کۆچـەری و لادێنشـین کەمـتر گەشـەکردنی دانیشـتوانی کـورد.

لـە ڕووی پێکهاتـەی نەتەوەیـی، زۆربـەی زۆری دانیشـتوانی قـەزای مەخمـوور کـوردن، بـەڵام بەهـۆکاری سیاسـی ژمارەیەکـی زۆر هـۆزی عـەرەب لـەوێ جێگیـر کـراون وەک هـۆزی: (للهییـب، سـبعاوی، حـەرب، ڕاشـید، تـەی، سـنبس، غەزاملـە، نعیـم و چەندانـی تـر). هەروەهـا چەنـدان گونـدی عـەرەب نشـین لـەم ناوچەیـەدا دروسـتبوونە بەتایبـەت لـە هـەردوو ناحییـەی (قـەراج وگوێـر)، تاوەکـوو ئیسـتاش پێوەنـدی خزمایەتـی وکۆمەڵایەتـی لەنێـوان کوردنشـینانی قـەزای مەخمـوور و عەرەبەکانـی ئـەم ناوچەیـە بەهێـزە، پێوەنـدی ژن وژنخـوازی لـە نێوانیـان بـڵاو بووەتـەوە (أسـماعیل، ٢٠١٥، ل٢٣)، جگـە لـە کـورد و عـەرەب، کـە ڕێژەیـی زۆرینـەی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە پێکدێنـن، جوولەکـە و کەمـە نەتەوەکانـی تریـش لـەم ناوچەیـە نیشـتەجێن، بـەڵام ڕێژەیـان زۆر کەمـە، کەمـترە لـە ١٪ی دانیشـتوانی ناوچەکـە، چونکـە لـە دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسرائیـل لـە سـاڵی ١٩٤٨ جوولەکـەکان لـە سەرانسـەری جیهـان گەڕانـەوە ئیسرائیـل، عێـراق و ناچـەی توێژینەوشـمان بـەدەر نەبـوو لـەم کۆچـی گەڕانـەوەی جوولەکـەکان بـۆ زێـدی خۆیـان. (پیـرە، ٢٠١٧، ل١٦١-١٦٣).

٣. دابەشبوونی جوگرافیایی هۆزەکانی قەزای مەخموور

هــەروەک لەســەرەوە ئاماژەمــان بەنــاوی هــۆزە عەرەبــەکان هێنــا، کــە لــە ناوچــەی توێژینەوەمــان نیشــتەجێن هــۆزە کوردییەکانیــش ئەمانــەن بــە شــێوەیەکی ســەرەکی: (هــۆزی شــێروانی، هــۆزی بندیانــی، هــۆزی بڵبــاس، هــۆزی خەیلانــی، هــۆزی ئۆمەربیــل، هــۆزی مــەرزان، هــۆزی ســورچی، هــۆزی ئــاری، هــۆزی پاڵانــی، هــۆزی سیان، هــۆزی گــەردی، هــۆزی ڕۆژبەیانــی، هــۆزی ئاکــۆی، هــۆزی لــک، هــۆزی باجــەلان، ســەیدانی بەرزنجــی، هــۆزی خۆشــناو و هــۆزی هــۆزی زەنگەنــە). هۆزەکانــی قــەزای مەخمــوور بــەم شــێوەی خــوارەوە بەســەر گونــد، ناحییــەکان و ســەنتەری قــەزای مەخمــوور دابــەش بــوون، هــەروەک لــە ســەردانی مەیدانــی بــۆ ناوچــەی توێژینەوەمــان، کــە قــەزای مەخمــوورە، بــەم شێوەی خــوارەوە هــۆز و تیرەکانــی نیشــتەجێ بــوو لــە قــەزای مەخمــوور.

لەســەر ئاســتی ناحییەکانــی قەزاکــەش ئــەو گۆڕانکاریانــە زۆر بــە ڕوونــی دیــارن، ســاڵ لــە دوای ســاڵ گۆڕانکارییــەکان بــە زیانــی پێکهاتــەی کــوردی بــەرز دەبنــەوە. لــە ناحییــەی قەراجــدا کــورد ٨٥٪ی ناحییەکــە بــووە لــە ســاڵی ١٩٥٧، کەچــی نــزم کراوەتــەوە بــۆ ٤٦.٢٣٪ لــە ســاڵی ١٩٧٧ و بــە جیاوازیــی ٣٨.٧٧٪. بــەڵام عــەرەب لــەم دوو ســاڵەدا لــە یەکەمیــان ٤٨.٤٪، هەروەهــا لــە دووەمیانــدا ٥٢.٨٨٪، بەپێــی ئــەو ئامارانــەش بێــت نیــوەی زیاتــری ناحییــەی قــەراج عەرەبــن.

لــە ناحییــەی گوێــڕدا، کــە تاڕادەیــەک نزیکــە لــە شــاری هەولێــر لــە ســاڵی ١٩٧٧ دا ڕێــژەی کــورد نــزم بووەتــەوە بــۆ ٦٤.٢٣٪، بــەڵام عــەرەب بــەرز بووەتــەوە بــۆ ٣٥.٠٣٪ و ئەوانــی تــر ٠.٨٤٪ یــان پێــک هێنــاوە. ئەمــە ســەبارەت بەپێکهاتــەی نەتەوەییــی دانیشــتوانی قــەزای مەخمــوور بەپێــی ســەرژمێرییەکانی عێــراق، هەروەهــا لــە ســاڵی ٢٠١٣ نووســینگەی مەخمــوور ســەر بەدەســتەی گشــتی ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێــم ســەرژمێری دیموگرافــی و خزمــەت گوزارییــان بــۆ ســەرجەم یەکــە ئیداریەکانــی قــەزای مەخمــوور ئەنجــام دا، پێکهاتــەی نەتەوایەتــی لــە قــەزای مەخمــوور لــە ســاڵی ٢٠١٣، بــەم شــێوەی خوارەوەبــوو خشــتەی ژمــارە(٤).

کــۆی ژمــارەی دانیشــتوانی قــەزای مەخمــوور بەهــەر چــوار ناحییــەوە لــە ســاڵی ٢٠١٣ بریتییــە لــە(٩١،١٠٩) بــە کــورد و عــەرەب، کوردەکانــی قــەزای مەخمــوور ژمارەیــان نزیکــەی (٤٣،٧٠٦) ژمــارەی عەرەبــەکان لــە ناوچــەی توێژینــەوە لــە ســاڵی ٢٠١٣ بریتییــە لــە (٤٧،٤٠٣) ژمارەی گوند چۆڵکراوەکانی ناحییــەی گوێــڕ(٧) ژمــارەی گونــد چۆڵکراوەکانــی ناحییــەی قــەراج (١١)، کــە ســەرجەمیان ناوچــە کوردنشــینەکانن گونــدە چۆڵکراوەکانــی ناحییــەی کەندێنــاوە (٣) ژمــارەی گونــدە چۆڵکراوەکانــی ناحییــەی ســەنتەر(٥).

خشتەی ژمارە (٣) پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای مەخموور بەپێی سەرژمێرییەکانی عێراق (١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧)

| سەرژمێری | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | | | | ١٩٧٧ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەتەوە / یەکە | ٪کورد | ٪کورد | ٪کورد | ٪عەرەب | ٪تورکمان | ٪ئەوانیتر | ٪کورد | ٪عەرەب | ٪تورکمان | ٪ئەوانیتر |
| م.ق. مەخموور | ٩٥ | ٧٥ | ٤٣.٧ | ٣٠.٣ | ٠.٠١ | ٢٥.٩٩ | ٦٥.٦٩ | ٣٣.٧ | ٠.١٤ | ٠.٤١ |
| ن. قەراج | - | ٨٥ | ٥١.٥ | ٤٨.٤ | - | ١ | ٤٦.٢٣ | ٥٢.٨٨ | ٠.٠١ | ٠.٨٨ |
| ن. کەندێناوە | ٩٥ | ٨٥ | ٧٨ | ١٨.٦ | - | ٣.٤ | ٩٧.١٨ | ٢.٦٧ | ٠.٠٢ | ٠.١٣ |
| ن. گوێڕ | ٥٠ | ٢٥ | ٦٥.٤ | ٣٤.٤ | - | ٠.٢ | ٦٤.١٣ | ٣٥.٠٣ | ٠.٠٢ | ٠.١٠ |

سەرچاوە: سەرکەوت عەبدوڵڵا حاجی پیرە، کتێبی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لەکوردستانی عێراق، چاپخانەی هەولێر، لا١٦١_١٦٣، ساڵی ٢٠١٧.

خشـــتەی ژمـــارە (٤) پێکهاتـــەی نەتەوەیـــی دانشـــتوانی قـــەزای مەخمـــوور لـــە ســـاڵی ٢٠١٣

| ناوی یەکەی کارگێڕی | کۆی گشتی کورد | کۆی گشتی عەرەب | گوندە چۆڵکراوەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | ٩٠٧٥ | ١٤٨٠٨ | ٥ | ٢٣٨٨٣ |
| کەندێناوە | ٤٦٣٠ | ٠ | ٣ | ٤٦٣٠ |
| قەراج | ١٣٧٨٧ | ١٩٩٤٣ | ١١ | ٣٣٧٣٠ |
| گوێر | ١٦٢١٤ | ١٢٦٥٢ | ٧ | ٢٨٨٦٦ |

ســەرژمێری ســنووری قــەزای مەخمــوور لــە ســاڵی ٢٠١٣ (نووســینگەی مەخمــوور) بــە سەرپەرشــتیی گشــتیی ژووری ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوی ئیــدارەی هەرێــم، داتــای بڵاونەکــراوە تایبــەت بــە کاری توێژینــەوەی زانســتی.

کــۆی ژمــارەی دانیشــتوانی قــەزای مەخمــوور بەهــەر چــوار ناحیــەوە، لــە ساڵی ٢٠١٣ دەکاتــە (٩١،١٠٩)هـ، بەکــورد و عــەرەب، کوردەکانــی قــەزای مەخمــوور ژمارەیــان نزیکــەی (٤٣،٧٠٦) ژمــارەی عەرەبــەکان لــە ناوچــەی توێژینــەوە لــە ســاڵی ٢٠١٣ دەکاتــە (٤٧،٤٠٣) ژمــارەی گونــد چۆڵکراوەکانــی ناحیــەی گوێــر (٧) ژمارەی گونــد چۆڵکراوەکانــی ناحیــەی قــەراج (١١)، کــە ســەرجەمیان ناوچــە کوردنشــینەکانن، گونــدە چۆڵکراوەکانــی ناحیــەی کەندێنــاوە (٣) ژمــارەی گونــدە چۆڵکراوەکانــی ناحیــەی ســەنتەر(٥) .

شـێوە-١ ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد و عـەرەب لـە قـەزای مەخمـوور لـە سـاڵی ٢٠١٣




سـەرچاوە.کاری توێـژەر بەپشتبەسـتن بەداتاکانـی خشـتەی ژمـارە (٤)

لـە دوای سـاڵی ٢٠١٣ سـەرژمێری و داتـای نـوێ سـەبارەت بـە دانیشـتوانی مەخمـوور ئەنجـام نـەدراوە بـۆ دەرخسـتنی گۆڕانـکاری لـە ژمـارەی دانیشـتوان و زانینـی ڕێـژەی پێکهاتـەی نەتـەوەکان، هەروەهـا ئـەو گۆڕانـە دیمۆگرافیـەی بەسـەر ناوچـەی توێژینـەوە هاتـووە لـە دوای سـاڵی ٢٠١٣، پشـتمان بـەکاری مەیدانـی بەسـتووە، کـە سـەرچاوەیەکی گرنگـە بـۆ دەستخسـتنی زانیاریـی نـوێ لـە زانسـتی جوگرافیـا. بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٥).

خشـتەی ژمـارە (٥) پێکهاتـەی نەتـەوەی دانشـتوانی قـەزای مەخمـوور لـە سـاڵی ٢٠٢٢

| یەکەی کارگێڕی | کورد | عەرەب | گوندەچۆڵەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | ١٠٥٨٥ | ١٣٩٢٠ | ١٣گوند | ٢٤٥٠٥ |
| گوێر | ١٣٠٣٧ | ٢٣٢٩٠ | ٥گوند | ٣٦٣٢٧ |
| قەراج | ٣٧٧ | ٩٦٤٣ | ٣٤گوند | ١٠٠٢٠ |
| دیبەگە | ٣٧٤٠ | نییە | ١١گوند | ٣٧٤٠ |

ســەردانی مەیدانــی بــۆ ناوچــەی توێژینــەوە بــە مەبەســتی وەرگرتنــی داتــای دیموگرافــی لــە ســەرجەم یەکــە کارگێڕییەکانــی ناوچــەی توێژینــەوە لــە بــەرواری ٩,١٠,١١,١٢ مانگــی ئــاب

بەپشتبەستن بەداتای بەردەست لای موختارەکانی ناوچەکە و شیکردنەوەی داتاکان بەبەرنامەی ئکسڵ و SPSS.

ناحییەی دیبەگە (کەندێناوە)، وەک ساڵانی پێش ٢٠٢٢، کوردبوونی خۆی پاراستووە لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی، بۆیە دەبینین سەرجەم دانیشتوانی ئەم ناحییە، کە بەنزیکی ٣٧٤٠ لە ساڵی ٢٠٢٢ نەبوونی خزمەت گوزاری پێویست بۆ بەشێک لە گوندەکانی ئەم ناحییە و هۆکاری جەنگ بەشێک لەگوندەکان چۆڵکراون، بەڵام لەناحییەکانی (گوێر، قەراج وسەنتەر)ژمارەی دانیشتوانی کورد کەمبووەتەوە، ئەمەش بەهۆی نزیکی سنووری ئەم یەکە کارگێریانە لە پارێزگەکانی عێراق بەتایبەت موصڵ، وایکردووە ژمارەیەکی زۆر عەرەب کۆچ بکەن بۆ قەزای مەخموور بەهۆکاری سیاسی، جگە لەمە بەهۆی بوونی هێزی (عەشدی شەحبی)، بەشێکی زۆری گوندە کوردنشینەکان چۆڵ کراون.

شێوەی ژمارە (٢) ژمارەی دانیشتوانی کورد و عەرەب لە قەزای مەخموور لە ساڵی ٢٠٢٢.




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بەداتاکانی خشتەی ژمارە (٥).

هەروەها ئەگەر بمانەوێت بەراوردکاری بکەین لەگەڵ داتای سەرژمێری ساڵەکانی (١٩٤٧ و ١٩٥٧)، هەروەها داتاکانی دانیشتوانی قەزای مەخموور لەساڵانی (١٩٨٤، ١٩٨٥ و ١٩٨٦)، تاوەکوو داتای ساڵی (٢٠١٣)، هەروەک ئاشکرایە ژمارەی کورد بە بەردەوامی بەرەو کەمبوونەوە چووە بە بەراورد بە ڕێژەی عەرەب لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٤٧)، ڕێژەی کورد لە پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای مەخموور (٩٥٪)بووە. خشتەی ژمارە (٦) جیاوازیی نێوان کورد وعەرب دەردەخات بەپێی داتاکانی ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٢).

خشتەی ژمارە (٧) پێکهاتەی نەتەوەییی دانشتوانی قەزاری مەخموور ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠٢٢

| ناحیه | کورد ٢٠١٣ | ڕێژەی سەدی | کورد ٢٠٢٢ | ڕێژەی سەدی | عەرەب ٢٠١٣ | ڕێژەی سەدی | عەرەب ٢٠٢٢ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٩٠٧٥ | ٣٨٪ | ١٠٥٨٥ | ٤٣,٢٪ | ١٤٨٠٧ | ٦٢٪ | ١٣٩٢٠ | ٥٦,٨٪ |
| کەندێناوە | ٤٦٣٠ | ١٠٠٪ | ٣٧٤٠ | ١٠٠٪ | ٠ | ٠٪ | ٠ | ٠٪ |
| قەراج | ١٣٧٨٧ | ٤٠,٩٪ | ٣٧٧ | ٣,٨٪ | ١٩٩٤٣ | ٥٩,١٪ | ٩٦٤٣ | ٩٦,٢٪ |
| گوێر | ١٦٢١٤ | ٥٦,٢٪ | ١٣٠٣٧ | ٣٥,٩٪ | ١٢٦٥٢ | ٤٣,٨٪ | ٢٣٢٩٠ | ٦٤,١٪ |
| کۆی گشتی | ٤٣٧٠٦ | ٤٧,٩٪ | ٢٧٧٣٩ | ٣٧,٢٪ | ٤٧٤٠٣ | ٥٢,١٪ | ٤٦٨٥٣ | ٦٢,٨٪ |


شیکردنەوەی داتاکان بەبەکارهێنانی بەرنامەی SPSS

لە داتاکانی ئەم دوو سەرژمێرییە بۆمان دەردەکەوێت، کە لەماوەی ئەم چەند ساڵە گۆڕانی زۆر بەسەر پێکهاتەی نەتەوەییی قەزای مەخموور داهاتووە، چ لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان یاخود گۆڕانکاری لە پێکهاتەی نەتەوایەتیی جیاوازی لە ڕێژەی نیشتەجێبوون و زۆربوونی عەرەب لە ناوچەی توێژینەوە، ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان سەرژمێریی ساڵی ٢٠١٣، کە لە قەزای مەخموور ئەنجام دراوە، لەگەڵ ئەم داتایانەی ئێمە لە سەردانی مەیدانی دەستمان کەوتووە، بەم شێوەی خوارەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەپێی سەرژمێری (٢٠١٣)، ژمارەی کوردەکانی ناحیەی سەنتەر تەنیا لە (٣٨٪)، کۆی گشتیی ناحییەکەیان پێک هێناوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٢)، ئەم ڕێژەیە بووە

بە (٤٣،٢٪) هەروەها ناحییەی قەراج لە (٢٠١٣) ڕێژەی کورد (٤٠،٩٪) بووە، لە (٢٠٢٢) بووەتە (٣،٨٪)، لە ناحییەی گوێر لە ساڵی (٢٠١٣)، ژمارەی کورد لە (٥٦،٢٪) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٢)، ئەم ڕێژەیە کەمی کردووە بۆ(٣٥،٩٪)، هە روەک دەبینین ڕێژەی کورد بەردەوام لە کەمبوون دابووە، تەنیا ناحییەی دیبەگە بەپێی هەردوو سەرژمێرییەکان بەنزیکەی ڕێژەی لە (٩٩٪) کوردە، کۆی گشتی ژمارەی کوردەکان لە ساڵی(٢٠١٣)، لە ٤٧,٩٪ کۆی گشتی دانیشتوانی مەخمووری پێکهێناوە، لەدوایین داتای بەردەست ڕێژەی کورد بووەتە ٪ ٣٧,٢ لە ساڵی (٢٠٢٢)، ئەمەش جێگەی نیگەرانییە، کە کوردەکان لەم ناوچەیە سەرژمێری بەدوای سەرژمێری لە کەمبوونەوەدایە.

خشتەی ژمارە حەوت جیاوازیی ژمارەی دانیشتوانی کورد و عەرەب لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣ – ٢٠٢٢) جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکات لەگەڵ داتاکانی سەرژمێری (١٩٤٧)، هەروەها لە داتاکانی ساڵی (٢٠١٣)، کە ڕێژەی کورد بۆ ٥٢٪، هەروەها لە ساڵی (٢٠٢٢) ئەم ڕێژەیە دابەزیووە بۆ ٣٥٪، ئەمەش بەهۆی چەندان هۆکاری دیموگرافی و دابونەریت و کولتووری، لە سەرووی هەموویانەوە سیاسی، کە وای کردووە عەرەبێکی زۆر هاوردەی قەزای مەخموور بکرێت بۆ ئەوەی دیموگرافیای ئەم ناوچە کوردستانییە بگۆردرێت، ئەگەر سەیری گوندە عەرەب نشینەکان بکەین دەبینین ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، هەروەها بەگشتی ژمارەی تاکەکانی خێزان لەناو عەرەبدا بەرزە، ئەمەش بەهۆی دابونەریتی عەرەب، کە زۆربەیان لەسەر دابونەریتی خێلەکی بەردوامن دەیانەوێت منداڵی زۆر بخەنەوە، بەپێچەوانەی کوردەکان بە تایبەت کوردەکان لەم ساڵانەی دوای واتە دوای ساڵانی نەوەدەکان ناوەندی ژمارەی تاک لەناو هەموو خێزانێکی کورد بەرەو کەمی چووە، ئەمەش جگە لە هۆکاری دابونەریت و ئاستی ڕۆشنبیری هۆکاری ئەمنی، سیاسی و کۆچ هۆکاری سەرەکین بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد لە کوردستان بەگشتی و لە ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی.

شێوەی ژمارە (٣) جیاوازی لە نێوان دانیشتوانی کورد وعەرەب لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣- ٢٠٢٢)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە داتاکانی خشتەی ژمارە (٧)

دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان لەسەر قەزای مەخموور، وەک ناوچەی جێناکۆک گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە:

١.ناوچە جێناکۆکەکان بەگشتی و قەزای مەخموور بە تایبەتی ناوچەی کورد و کوردستانن، ناکرێت سازشیان لەسەر بکرێت.

٢. دەوڵەمەندیی خاکی مەخموور لە ڕووی ئابووری وای کردووە، کە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق چاوی تەماعیان زیاتر بێت بۆ ئەم ناوچەیە.

٣. لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی، زۆربەی زۆری دانیشتوانی قەزای مەخموور کوردن، بەڵام بەهۆکاری سیاسی ژمارەیەکی زۆر هۆزی عەرەب لەوێ جێگیر کراون. ئەمەش لە سەردەمی ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی بەتەواوی دیموگرافیای ئەم ناوچەیە بگۆڕێ.

٤. دەتوانرێت وەک سەنتەرێکی بازرگانی بەکاربهێندرێت بەهۆی ئەوەی دەبەسترێتەوە بە پارێزگەی هەولێر و پارێزگەکانی تری خواروی عێراق.

پێشنیازەکان

پێویستە سیاسیانی کورد بۆ گەڕانەوەی قەزای مەخموور پشت بە بەڵگە مێژوییەکان ببەستن لەسەردەمی ئینتیدابی بەریتانیی مەخمور قەزایەک بووە وەک تەواوکردنی پێنج قەزاکەی لیوای ئەربیل دانراوە لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەبردنەوە.

پێویستە دەسەڵاتی کوردی هەوڵی جددی بدات بۆ زیاتر گرنگیدان بە هەستی نەتەوایەتی و بەرەودان بەو ناوچانە بۆ ئەوەی دانیشتوانە کوردەکان بتوانن لەسەر زێدی خۆیان بمێنەوە و سیمای کوردبوونی لە ڕووی دانیشتوانەوە زیاتر نەشێوی.

. پێویستە ئەو دەستەیەی تایبەت کرابوو بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان، کارا بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ماددە دەستوورییە کە ماددەی ١٤٠ بەتەواوی جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بەردەوام لە هەوڵدا بن بە یەکگرتوویی لەگەڵ لایەنە عەرەبەکان و کاتێکی دیاریکراو دابندرێت بۆجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردیەکان


أیسماعیل، أیسماعیل محمد(٢٠١٠)،کێشەی کورد لەعێراق، کێشەی سنوورە یان بوون؟،وەرگێرانی لە عەرەبیەوە،عبدللە ڕشید حسین، هەولێر.

ئەرکان، سلێمان و محمد، ئیدریس(٢٠٠٧): پۆلێنکردن وبەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لەقەزای سەمخموور بەبەکارهێنانی تەکنیکی هەستکردن لەدوورەوە کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین ساڵی ٢٠٠٧.

أسماعیل، سیروان حسن(٢٠١٥): شیکردنەوەی جوگرافی بۆدابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای مەخموور نامەی ماستەر،کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین.ساڵی ٢٠١٥.

جاسم، محمد احمد(٢٠٠٨): قەزای مەخموور لەسەرەتایی دروستبوونی تاوەکوو ساڵی ١٩٧٠،دەنگی مەخموور ژ١.بەرواری ١٥,١٠,٢٠٠٨.

چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا محمود عبدالحمید مەخمووری مامۆستایی بنەرەتی لەقەزای مەخموور بەرواری ٧-٣-٢٠٢٢.

رەسول ملا (٢٠٢٠) شێخاوەدلی،شەرەف نامەک، پێش لەچاپ دان وبڵاوکردنەوەی

عەتەوەیی، عەبدوڵڵا(٢٠١٥): جوگرافیای مرۆیی ململانێی مرۆیی لەگەل ژینگە، و: د. هاورێ یاسین محمدامین، م. ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس- سلێمانی.

ستافی قەزای مەخموور ژوری ناوچەکوردستانیەکانیەدابڕیندراوەکان بەهاوکاری بزوتنەوەی گۆڕان(٢٠١٩): کۆمەڵگای لادێی لەباشووری کوردستان مەینەتیەکانی گوندنشینی کورد لەسایەی دەسەلاتی دکتاتۆریدا(قەزای مەخموور بە نموونە)، چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر.

رشید، یادگار خدر(٢٠١٤): شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی پیشەسازی لە پارێزگەی هەولێر، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی پیشەسازی، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین.

فتح اللە، سفین جلال(٢٠١٤): بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیایی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین.

سدیق، سنوور سەباح(٢٠٠٩): مێژووی بەعەرەبکرد لە پارێزگەی کەرکووک ١٩٦٣- ١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین.

کەریم، ئەحمەد ڕەفیق(٢٠٠٩): ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسی، ماستەرنامە، زانستە مرۆڤایەتیەکانی سلێمانی.

لەتیـف، ئاسـۆ(٢٠٠٣): بنـج و بنەوانـی نـاوی شـارۆچکەی مەخمـوور، گۆڤـاری قەرەچـووغ، هەرێمـی قەرەچووغـی یەکێتـی نەتەوەیەیـی کوردسـتان، ژمـارە ٨ و ٩، هەولێـر-٢٠٠٣.

معـروف، حیـن محمـوود(٢٠١٥): کاریگـەری گۆڕانـی ئـاو و هـەوا لەسـەر بەرهەمـی دانەوێڵـە لـە قەزایـی مەخمـوور، ماسـتەرنامە، زانکـۆی ڕاپەریـن.

مامەنـد، هەڤـاڵ ابراهیـم(٢٠١٤): کارگەکانـی گـەچ لە قـەزای مەخموور، بەشـی جوگرافیـا، زانکـۆی کۆیە.

محمـد، لطیـف صبـاح (٢٠٢٠)،سـنووری هەرێمـی کوردسـتان، توێژینەوەیـک لەجوگرافیـای سیاسـی، نامـەی ماسـتەرە، پێشـکەش بـە، کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتیەکان،زانکـۆی سـلێمانی کـراوە، سـلێمانی.

ماڵپـەری پارێزگـەی هەولێـر(٢٠٢٢): قـەزای مەخمـوور، ئۆنلایـن، بـەرواری سـەردانیکردن(٢٨-١-٢٠٢٢)، لینکـی بەردەسـت https:// www.hawlergov.org/app/node/٣٩٤.

نەقشـبەندی ئـازاد،(٢٠١٣)، بایەخـی جیۆپۆلەتیکـی ناوچـە کوردسـتانییە کانـی دەرەوی بەڕێوەبردنـی حوکوومەتـی هەرێـم، گۆڤـاری شرۆڤـە، ژمـارە١٩.

وەلـەد بەگـی، ئـازاد(٢٠١٩): ئاینـدەی ناوچـە جێناکۆکـەکان لەنێـوان عیـراق و هەرێمـی کوردسـتان، بەشـی یەکـەم، ئۆنلایـن، دوایـن بینـن(٨-٥-٢٠١٩)، http://penus.krd/index.php/ckb/٢٠١٨-٠٤-٠٢-١٩-١٢-٢٨/item/١٥٩٤-٢٠١٩-٠٥-٠٨-١٨-٣٦-٢٠

سەرچاوە عەرەبیەکان

جمهووریـة العـراق(٢٠١٧): وزارة التخطيـط، الجهـاز مركـزي، الاحصـاء، المجموعـة الاحصائيـة السـنوية.

تنکەعثـمان، (٢٠١٨): قضـاء مخمـور، دیراسـة في التوزیـع الجغـرافي للسـكان، گۆڤاری زانکـۆ بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، بەرگـی ٢٢، ژمـارە ٢.

## ملخص

منذ سقوط النظام السابق في عام ٢٠٠٣، كانت المناطق المتنازع عليها بين إقليم كوردستان والحكومة العراقية الاتحادية على الدوام قضية مهمة وحساسة. لحل هذه المشكلة، تم دمج المادة ٥٨ في عام ٢٠٠٤ ثم تغيرت لاحقا إلى المادة ١٤٠ في عام ٢٠٠٥ في الدستور العراقي. المقلق هو أن الأمة الكردية بشكل عام والسلطات الكردية في إقليم كوردستان بشكل خاص لم تطبق وتجاهلت هذا البند الدستوري تعتقد حكومة إقليم كوردستان أن تطبيق هذه المادة وحل المشكلة خسارة كبيرة للعراق والأمة العربية، وتعتقد أن البلاد ستنقسم. لذلك فإن إدراج المادة ١٤٠ في الدستور العراقي ومسألة تحديد الحدود الجغرافية بين الأكراد والعرب جعل القبائل العربية في هذه المناطق (مناطق الصراع) تحاول المزيد من الجشع للأراضي القبلية الكردية والاستيلاء عليها. ولهذا الغرض اندلعت عدة اشتباكات بين القبائل الكردية والعربية في هذه المناطق ودائما لصالح العرب، لأن السلطات في هذه المناطق مثل (السلطة الإدارية والعسكرية والحاشدي الشعبي) دعمت القبائل العربية. خاصة بعد (١٦ تشرين الأول ٢٠١٧) عندما أجري الاستفتاء الكردي في ٢٥ أيلول من العام نفسه. من الواضح أن مجال بحثنا، وهو (منطقة مەخموور)، لم يستثنى من هذه المشاكل وحاول دائما وضع القبائل الكردية تحت الضغط لإخراجهم من موطن أجدادهم. لذلك، في هذه الدراسة وبعد تعريف منطقة الدراسة من حيث الموقع والجوانب السياسية والاقتصادية والاجتماعية، فقد أكدنا على عدد السكان وعددهم حسب مراحل التعداد المختلفة. أيضا التركيبة السكانية والقبائل الكردية في المنطقة والقبائل العربية والعرب المحليين والعرب من المناطق الأخرى الذين قدموا إلى مەخموور. البيانات والمعلومات سواء من خلال الزيارات الميدانية أو الاستبيانات والمقابلات، كثير منها يعتمد على مؤسسات حكومة إقليم كوردستان، ولتحليل البيانات تم استخدام البرنامج الإحصائي (SPSS).. أخيرا، تمكنا من التوصل إلى نتيجة مفادها أن قضاء مەخموور بكافة أقضائه وقراه هي منطقة كردية أصلية وتتبع محافظة أربيل.

كلمات مفتاحية: قضاء مەخموور، مناطق الصراع، المادة ١٤٠، الدستور العراقي


## Abstract

For some time, especially since the fall of the previous regime in 2003, the disputed areas have been between the Kurdistan Region and the Federal Iraqi Government. Article 58 in 2004 and later changed to Article 140 in 2005 were incorporated into the Iraqi Constitution to resolve this issue .What is worrying and has become a big problem for the Kurdish nation in general and the Kurdish authorities in the Kurdistan Region in particular is the failure to implement and ignore this constitutional article. They believe that resolving the issue will be a great loss to Iraq and the Arab nation and will lead to the division of the country .Therefore, the inclusion of Article 140 in the Iraqi constitution and the issue of determining the geographical boundaries between Kurds and Arabs has caused the Arab tribes in these areas (conflict areas) to become greedier for the land of Kurdish tribes and take over, For this purpose, there have been several clashes between Kurdish and Arab tribes in these areas and always in favor of the Arabs, because the authorities of these areas such as (administrative, military and Hashdi Shaabi) were behind the oppression especially after (October 2017 ,16) that the Kurdish referendum was held on September 25 of the same year .Obviously, our research area is Makhmur district. Therefore, after introducing the study area in terms of location and political, economic and social aspects, the researcher have emphasized the population and number according to different stages of the census. Also the population composition of the Kurdish tribes of the region and Arab tribes. Native Arabic and imported Arabic. The data and information, whether through field visits or questionnaires and interviews, are largely dependent on the KRG institutions. SPSS was also used to analyze the data.

Finally, we were able to conclude. Makhmur district, including all its districts and villages, is an indigenous Kurdish area and belongs to Erbil province. If Article 140 is implemented, it will return to the Kurdistan Region and all its problems will be solved.